# داوام وایە کوردەکان  هۆڵەندا  لە 4-6  دەنگ بە نیکۆڵ  بدەن

# Nicole van Gemert لە لیستی  پارتی  سۆسیالستی هۆڵەندی "SP" ژمارە 3





سازدانی  : عەلی مەحموود  محەمەد

" برۆفایل نیکۆل فان خیەمێرت " Nicole van Gemert"  لە ساڵی 1975  لە شاری فان ڕای لە دایک بووە ، ماستەری زانستی کۆمەڵایەتی خوێندوەوە لە زانکۆی ماسترێخت ، 9 ساڵە ئەندامی پارتی ئێس  پەیە " سۆسیالست "   ، جێگری پارلەمانتار  کریستا بووە ، لە بەڕێوەبەرایەتی پارتدا بوو لە شاری  هوفلرخ  ، ئەندامی پەرلەمانی  هەرێمایەتی ناوەڕاستە . بەرپرسی نەخشەدانانە  لە ڕێکخراوی "Wecf " .هاوکاری کریستای  کردووە لە دۆسیەی فرانس ڤان  ئانرات و  هەوڵدان بۆ دروستکردنی مۆنمێنتی  هەڵبجە ، ئێستاش  پاڵێوراوی ژمار  3  ی پارتەکەیەتی  بۆ پارلەمانی ئەوروپا . "

پ: سەرەتا با لێرەوە دەستپێبکەین ، بۆچی دەتەوێت بچیتە پارلەمانی ئەوروپاوە ؟.

وەڵام : بیرۆکەی یەکێتی ئەوروپا لە بەهێز بوندایە ، خەریکە سیاسەتی وڵاتە گەورەکان باڵا دەست دەبێت لە بڕیارەکانیدا ، من بچمە ئەوێ هەوڵە دەم هێز بۆ پارلەمانە ناوچەییەکان " وڵاتەکان " بگەڕێتەوە ، چونکە زۆرجار سیاسەتی وڵاتە گەورەکان دژ بە مافی گەلانە و مافی هاووڵاتیانی خۆشیان ، ئێمە سەربازگیری و سیاسەتی چەوتمان بەرامبەر پەنابەران و پەرە گرتنی ڕاستیزم و دژابەتی گەلانی چەوساوەمان بۆ چییە ؟.

بۆیە پێمان وایە پێویستە هەر وڵاتێک سیاسەتی خۆی دابڕژێت بە پێی تایبەتمەندییەکانی . هەروەها دەمانەوێت هەنگاوی ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزبوونی ناوەندێتی یەکێتی ئەوروپا ڕابگرین .

پرسیار : هاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا بەلاتانەوە چۆنە ؟.

وەڵام : ئێمە دەمانەوێت ڕیفراندۆم بکرێت بۆ هەر وڵاتێک بێتە ژوورەوە ، واتا لە جیاتی گەل ئەو بڕیارە نەدەین ، دەمانەوێت خەڵک بۆ خۆی بڕیار بدات ، ئێمە بۆ هەموو بڕیارە هەستیارەکان دەمانەوێت ڕیفرادۆمی بۆ بکرێت ، بەڵام برۆکسل ئەم دیموکراتیەتەی تێدا نییە .

من بە پێویستی دەزانم تورکیا پێشتر هەموو مەرجەکان جێبەجێ بکات ، لە مافی مرۆڤ ، مافی نەتەوەکان بە تایبەت " کورد و کێشەی قوبرس " ، عەسکەرتاریەت ، گەندەڵی ... نەمانی جیاکاری لە نێوان ناوچەکانی وڵات بە پێی پەیماننامەی کۆپنهاگن ، ئەوسا ڕێگری نامێنێت .

پرسیار : بە چوونتان بۆ پارلەمانی ئەوروپا ، بە نیازن چی بۆ کورد بکەن ؟.

وەڵام : ئێمە دەبینە دەنگی ئەوانەی لە برۆکسل دەنگیان نییە ، کێشەیەکی وەک کورد کە ئێستا تا ڕادەیەک ون بووە ، نەک کورد نموونە بلوج و عەرەبی ئێران و ئازەر و دارفۆر و باشووری سودان و ..... ، من ئەوکاتە بە هاوکاری دۆستەکانم لە کوردەکان دەنگیان دەگەیەنمە جێی خۆی ، هەر کاتێک پێویست بکات بە بەرژەوەندی مافەکانیان قسە دەکەم و هەڵوێست وەردە گرم ، چۆن پارتەکەم لە هۆڵەندا هەڵوێستی هەبووە بەرامبەر بە کێشەکانتان ، من دەبمە دەنگی مەزلومان بێ بانگەشەی هەڵبژاردن ، ڕۆژەکان زۆری نەماوە و دەبیننەوە کە ڕاستگۆ بومەبەرامبەر وتەکانم ، کە چومە پارلەمانی ئاوروپاوە ئەبێ بزانن دەنگێکتان زیادی کردووە ، پارتی سۆسیالست هەمان هەڵوێستی هەیە بەرامبەر بە مافەکانی کورد ، هەڵوێستی من لەوێوە سەرچاوەی گرتووە ، وە فراکسیەکەمان هەموو لەگەڵ مافەکان کورددان لە هەموو پارچەکانی کوردستان .

پرسیار :لە هۆڵەندا لیستێک هەیە بەناوی ڕێکخراوەکانی تیرۆرەوە ، ئەم هەڵوێستەش لە ڕوانگەی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاواوە وەرگیراوە ، ئێوە سەبارەت بەو لیستە چی دەڵێن ؟ ، ئەگەر باوەڕیشتان پێی نییە چۆن هەوڵ بۆ هەڵگرتنی دەدەن ؟.

وەڵام :ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە پارتی جەماوەری بکرَتە تیرۆریست ، بەڵام باوەڕمان وایە گروپی بچووکی تیرۆریست هەیە ، خەڵکی بێتاوانە کوژن .

تا ئێستا ئاگادارین "پکک "چەندین جارە شەڕ ڕادەگرێت ،تەمەنا دەکەین تورکیا وەڵامیان بداتەوە ، ناکرێت لە ژێر بەهانەی تیرۆریست گەلی بندەستە بچەوسێنرێتەوەو مافەکانی پێشێل بکرێت و سەرکووت بکرێت . کات و هێز مانای تیرۆریست بوون دەگۆڕێت ، ئەوەی جاران تیرۆریست بوون ئێستا لە پارلەمانی ئەوروپا دادەنیشن نموونە شین

فین لە ئێرلاند، بۆیە ئێمە دژ بە ئەو لیستەین و هەوڵی نەمانی دەدەین ، فێرن زوو خەڵکە کەنە تیرۆریست تا بهانەی سەرکوتکردنیان بۆ بدۆزنەوە ، بۆیە من ئەو لیستە ڕەتە کەمەوە ، کە ڕەتیشم کردەوە و بە نا دادپەروەرم زانی پشتیوانی لە هەموو هەوڵێک دەکەم بۆ نەمانی .

پرسیار : یانی دەکرێت ئەگەر تورکیا هاتە یەکێتی ئەوروپاوە ، تیرۆریستەکان ئێستای تورکیاش " بە ئیسلاحی ئەوان " بێنە پارلەمانی ئەوروپاوە ؟.

وەڵام : راستە وایە ، بێشک دێن ، چونکە ئەوان هێزێکی جەماوەرین و خەڵکیان لەگەڵە و کوردەکان هەموو لە گەڵیاندان ، دەنگی باش دەهێننەوە .

پرسیار : سەبارەت بە ئێران ، ڕژێم بەردەوامە لە ئیعدامکردنی چالاکڤانانی مەدەنی و سیاسی ، ئەو خەڵکە پێویستیان بە پشتیوانیکردن هەیە .

وەڵام : پێویستە وڵاتە ئەوروپییەکان یەک یەک پاڵەپەستۆ بکەنە سەر ئێران بۆ ئەوەی هەڵوێستی پراتیک بگرترێتە بەر دژ ئەو هەهەڵمەتە نموونە سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری .

مانگی 10 یەک وەزیری دەرەوە دەبێت بۆ هەموو ئەوروپا ، ئەو کات دەتوانین پاڵەپەستۆ بکەین بۆ ئەوەی ئەوروپا بەشێوەی یەکگرتووانە هەڵوێست وەربگرێت دژ بە هەڵمەتی هەڵواسین لە ئێران .

دیارە ئێستاش هەڵمەتی لە قاو دان بەردەوامە ، پێویستە ئێران واز لەم کارە وەحشیانانەیە بهێنێت و وەڵامی نەتەوەکان بداتەوە و مافی ژنانیش بە فەرمی بناسێت ، سەردەمی حکوومەتی سەرکووت و ئیعدام و کرداری دواکەوتوو نەماوە .

پرسیار : ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ کێشەکانی کورددا دەژێیت ، ئاگاداری بەشێک لە دۆسیەی ئانرات و تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال و کۆمەڵکوژی کوردان هەیت ، پێت وایە لە پارلەمانی ئەوروپا چی دەکرێت لەو بوارەدا ؟.

وەڵام : ناتوانم ئێستا هیچ بەڵێنێک پێش وەختان بدەمێ ، بەڵام بیر لەوە دەکەمەوە بۆ زیندووەکان هەوڵێکی وا بدرێت وەک مرۆڤ بژێن و خاوەند مافەکانی خۆیان بن لە ناوچەکە .

پێویستە جینۆسایدی کورد بە فەرمی دانی پێدا بنرێت و بناسرێت ، وەلێ هاوکات پێویستە زوڵمی سەر کوردان لە ئێستادا لەم وڵاتانە کۆتایی پیَ بێت " تورکیا و سوریا و ئێران و ئێراق " دان بە مافەکانی کورددا بنێن .

بۆ ئەم مەبەستە هەوڵە دەم لە گەڵ هاوکارانم گروپێک پێک بێنم بۆ ئەو ئامانجانە کاری بەردەوام بکەین و لە پەیوەندیدا بین لەگەڵ خودی کوردەکان و بە پێی ئامۆژگارییەکانیان کارەکان بەرینە پێشەوە ، چونکە داواکارییەکانیان بەردەوام لە گۆڕان و بەرەوپێشەوە چوندایە .

گرنگ ئەوەیە بۆتان دەسەلمێنم ، مانگێکی دیکە هەست بەوە بکەن دۆستیک نزیکتان زیادی کردووە لە پارلەمانی یەکێتی ئەوروپا .

ماڵپەڕی تایبەتی پاڵێوراو :

http://www.minderbrussel.nl/kandidaten/nicole-van-gemert

هەڵوێستی کاک یونس گۆران لەسە نیکۆڵ

یونس گۆران ئەندامی پارلەمانی هەرێمی ئۆترێخت و کاندیدی پێشتری هەمان پارت بۆ پارلەمانی ئەوروپا : نیکۆڵ لە ڕێگای پارلەمانی ناوچەییەوە دەیناسم ، هاوکارمە ، ژنێکی خاکی و زیرەک و باش و ڕاستگۆیە ، باوەڕی بە یەکسانی بەهێزە ، دڵسۆزی نەتەوە بندەستەکان بە گشتی وە کورد بە تایبەتییە ، لەو بڕوایەدام ئەوەی من دەمەویست لە پارلەمانی ئەوروپا بیکەم بۆ گەلەکەم ، ئێستا نیکۆ باوەڕم بەهێزە بیان کات بە زیادەوە ، بۆیە داواکارم ئەوانەی دەیانەویست دەنگ بە من بدەن لە هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەوروپا ، دەنگەکەیان بدەن بە نیکۆڵ ، بە زیادکردنی دۆستێکمان لەو شوێنە هەستیارە قازانجە کەین ..